سرودێک کە بۆ ئامادەکردن پێویستیمان پێی بوایە ئەوان راستەوخۆ لە ئیزگە بۆیان پەخش دەکردین و ئێمەش دوای گوێگرتن ئامادەمان دەکرد..ئەو کاتە هەڤاڵێک لە ئیزگەکە هاوکاری دەکردین پێموابێ کاک( باست ) بوو دەیگوت ناوم (عەبدوڵڵا)یە .

تاوەکو کۆچڕەوەکە زۆر بەباشی پارێزگاریمان لە ستۆدیۆو ئامێرەکان کردو چەندان سروودیشمان ئامادەکرد..بەڵام لە کاتی کۆچەکەدا سەرجەم ئامێرو ستۆدیۆو کەلوپەلەکانمان بە تالانی بران و هەندێکیان دوای ماوەیەک بە پارەی خۆمان لە خەڵکی ئاوارەمان دەکرینەوە..

زیادەڕۆیی نیە کە بڵێم لە کوردستاندا دوای کۆچڕەوەکە بۆ یەکەمین جار لە ١٩٩١/٥/١ بەشێکی تیپی میوزیکی رانیە لە بارەگای حزبی شیوعی عیراق لە رانیە ئاهەنگێکیان سازدا. ئەم هونەرمەندانە بەشداریان تێدا کردبوو:

١-شەهید سلێمان حەسەن ئۆرگ
٢-هونەر مستەفا کەمانچە
٣-حسن حمدامین سەرسیانی ئیقاع
٤-کاوە عبداڵڵا شانۆکار گۆرانی ووتن

بەدوای ئەم ئاهەنگەوە واتە لەساڵی (١٩٩١)ئەندامانی تیپی ڕانیە گروپێکی گەڕۆکیان پێک هێناو لەشوێنە جیاوازەکاندا ئاهەنگیان دەگێڕا وەکو ئاوەدانکردنەوەی شاری قەڵادزێ و یادی شەهید قاسملۆ لە چورقورنەو بەشێکی زۆر لەلادێ و شارۆچکەکان بەئاهەنگی ئەم گرووپە دڵخۆش بوون، ئەندامانی بەشدار لەم گروپە کە ئەندامی تیپی ڕانیەش بوون ئەمانە بوون:

١-شەهید سلێمان ئۆرگ ژەن
٢-رزگار حمە علی فلوت ژەن
٣-حمدامین ئۆرگ ژەن
٤-حمە ڕەشید ساز- تەپڵ- شمشاڵ- عوود ژەن
٥-ئومێد حمە علی گیتار ژەن
٦-ئامانج سلێمان تەپڵ لێدەر
٧-خدری پور خەیاڵ گۆرانی بێژ
٨-عمر حمە سوێسن گۆرانی بێژ
٩-بکر حمە سوێسن گۆرانی بێژ

بێگومان شەهید سلێمان بە درێژاییدامەزراندنی تیپی میوزیکی ڕانیە ڕۆڵی چالاکانە ی لەڕووی ڕۆشنبیری و هونەری و کوردایەتیدا بینیوە.. سلێمان حسن وەکو مامۆستایەک لەزۆربەی خول و کارە هونەریەکاندا ڕۆڵی خۆی بینیوە و لە ساڵی (١٩٨٢)لە ڤیستیڤاڵێکی میوزیکی لە دهۆک بەشداری کردووە، لە (١٩٨٨) لە سلێمانی بەشداری کردووەو کە ڤیستیڤاڵی سنووری مەڵبەندەکانی پارێزگای سلێمانی بوو لەم ڤیستیڤاڵەدا تیپی ڕانیە پلەی یەکەمی بەدەست هێنا. وە لەساڵی (١٩٩٢) لە هەڵەبجەی شەهید بەشداری ڤیستیڤاڵی هەڵەبجەی کردووە، (١٩٩٢-١٩٩٣)بەشداری ڤیستیڤاڵی ڕاپەڕین و سەرکەوتنی کردووە، لە ساڵ (١٩٩٢) بەشداری ڤیستیڤاڵی قەڵادزێی کردووە.

شەهید سلێمان لەساڵی (١٩٦٩) لە ڕانیە لە دایک بوو بوو. لەساڵی (١٩٨٢) پەیوەندی بەکاری میوزیکی کردووە. لەساڵی ١٩٩١-١٩٩٢) ئامادەیی بازرگانی تەواو کردووە، لە(١٩٩٣/٧/١٨/١٧) لە بەردەم مزگەوتی (نەورەسی) شەهید کرا.. دوای شەهید بونی سلێمان بەشێکی زۆریش لە ئەندامانی ئەم تیپە ڕووبەڕووی هەرەشەی تیرۆر دەبوونەوە.. بەڵام بەدوای کۆچی سلێمانەوە چەندان خول و چالاکی و ڤیستیڤاڵ ئامادەکران بۆ ڕێزلێنان لەو شەهیدە بەرزە.



لە مانگی (٨)ی١٩٩٢ من هەستام بە دروستکردنی گروپێکی هونەری مندالان بە ناوی (گروپی هونەری رابوون)لەدوای راپەڕین ئەم گروپە یەکەمین گروپ بوو چالاکی هونەری مندالانی لە رانیە سازدا.لە ڕێگای (پشتیوان بورهان و، کاردۆ سەردار)ەوە چەندین مندالی ژیکەڵەم کۆکردەوە..لەوانە کە ئێستا جێ پەنجەیان لە هونەری کوردیدا درەوشاوەیە(هەڵبەست صلاح و هەرێم صلاح وهەردی صلاح) بوون، کە لە ڕێگای (پشتیوان و کاردۆ)وەهاتنە ئەم گروپە..لەیەکەمین ڕۆژی پەیوەندیاندا ئەمانە توانیان کە چالاکانە پلەو پایەی خۆیان لە گروپەکەدا دەستنیشان بکەن و،زیاتر حەزیان لە ڕۆڵی خەڵکی کرێکارو جوتیار دەکرد... ئەم سێ هونەرمەندە لەو کارەوە هاتنە ناو جیهانی هونەری و ئێمەش بایەخمان پێدەدان و دەروازەکانی هونەریمان لە ڕوودا کردنەوە ..لەو ساتەوە ئەمانە لە رانیە بەردەوام بوون تاوەکو چوون بۆ هەولێر..لەو ماوەیەدا من بەشداری چەندان چالاکیم کردوون و دواییش لە گروپی (کازیوە) بەشداری چەندان ئاهەنگیان کرد.

(تیپی هونەری رابوون) لە ڕۆژانی (٢٠-٢١-١٩٩٢/١٢/٢٢ ) ئۆپەرێتی (دارستان)ی پێشکەش کرد کە لە نووسینی(جیهاد دلپاک) بوو،وە لە دەرهێنانی (سەرکەوت بورهان)و ئامادەکردنی مۆسیقاو ئاوازەکانیشی (رزگار حەمە عەلی) بوو. وە کاری دیکۆرو میکیاژو....هتد .

(کاک حەسەن حەمەد ئەمین و نەهرۆ سەردارو نیهاد حەمە عەلی و ئیسماعیل بەکرو ......هتد ) بوون،ئیسماعیل ئەحمەد ئاوازەکانی زۆر باش دەگوتن تاوەکو لە دواییدا کاک رزگار بەشێکی (شیعری) گۆرانیەکانی گۆری لەوانە (ئەوینی ناکام، گری عیشق و...هتد). لەو گروپەدا زیاتر لە سی مندال بەشداری دەکردو بووە مایەی گورو تینیکی بە گورتریش لە رانیەو مندالانی ئەم دەڤەرەدا.

تیپی مۆسیقای رانیە لە دوای راپەڕین بە سەرپەرشتی (هیوا مستەفا) چەندان کۆبوونەوەو ئاهەنگیان سازدا،... یەکێک لە کۆبوونەوەکان لە (مانگی ٨ /١٩٩١) سەبارەت بە کردنەوەی لیژنەی رانیەی (یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان)بوو..ئەو ساتە (هیوا) سەرجەم برگەو پرۆگرامی ڕێکخراوەکەی خوێندەوەو داوای لێمان کرد کە پشتگیری بکەین ، ئێمەش بە خۆشحاڵیەوە لە کردنەوەی لیژنەی هونەرمەندان بەشداریمان کرد.. کە بارەگاکەیان لە قوتابخانەی رانیەی سەرەتایی بوو .. هەر لەو بارەگایەدا بۆ یادی ساڵیادی راپەڕین ئەم (سروود)انەیان ئامادەکرد..

-سروودی (٥ی ئازار)، هۆنراوەی نیازی حەمە عەزیز ، ئاوازو دابەشکردنی هیوا مستەفا، وتنی کۆرسی کچ و کوڕ.

-سروودی (بزەی سەرکەوتن) ، هۆنراوەی جەباری وێنەگر، ئاوازو دابەشکردنی هیوا مستەفا ، گوتنی ئیسماعیل ئەحمەد.

ئەم دوو سرووده لە مانگی (١٩٩٢/٢) لە ستۆدیۆی تیپی باواجی کۆیە تۆمار کران.. شایانی باسە بۆ رانیە یادی راپەڕین ئەم سرووده یەکەمین سروود بوولە سەرجەم دەزگا راگەیاندنەکان دەنگی دایەوە..کە پۆلێک لە کوڕو کچی ئەم شارە بەشداریان تێدا کردبوو..جگە لە ئەندامانی تیپی میوزیکی رانیە .